# دلشەو دلبەو دلنارین

## کچانی دەمیربەگ سوید دەهەژێنن!



دلنارین

**وەرگێرانی بە دەستکارییەوە: ئازاد حوسێن**

پێویستیمان بەچیلکەدارێکە بۆ ئەوەی خوشکەکان، کچانی دەمیر بەگ کۆبکەینەوە(دلبە) گۆرانبێژو شاعیری لیرك، بەنیازی سەفەرە بۆ ئەمریکا، تا بەشداری لەیاری پۆکەر بکات، بەتایبەتیش دوای ئەوەی لەبەرنامەی پۆکەرو ملیۆنێر کە لەکەناڵێکی تەلەفزیۆنی سویدی پێشکەشکرا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، کەسیش باوەڕی بەوە نەبوو کە (دلشە)ی نووسەرو رۆماننووس ئێستا لە (تەلئەبیب ـ پایتەختی ئیسرائیل)بێ تا بەو هاوینە رۆمانە نوێکەی بنوسێ.

دلبە:" دلشەی خوشکم وەك بورکان وایە کەس لە توانای ناگات ئەو مرۆڤێکی سروشتی نییە!"

دلبە، ناوی دلبەهارە، لەسەر رێی سەفەرە بۆ ئەمریکا، نازانێ کەی دەگەڕێتەوە، ئەو گاڵتە بەکارمەندانی فرۆکەخانەی (ئێرلەند) لە سوید دەکات، پێیان دەڵێت: ئەمەوێ ئەمریکا بۆمباران بکەم، رۆژنامەکانی سویدی هەلاّیان لێ هەڵدەستێ، چونکە وا دەزانن کاتی ئەو جۆرە گاڵتەجاڕیە نییە.

دلشە:" دلبە دەمهەژێنێت! چونکە هەست بەبەرپرسیاریەتی ناکاتو لە هەموو شتێك بەهەڵە دەچێ، ئەو ناتوانێ پارە کۆبکاتەوە، ماڵەوە رێکبخات تاسەر کار ناکات!

دلشە ناوی (خەونە تەڕەکانی لیبراڵی) بۆ خۆشکەکانی خۆی، کچەکانی دەمیر بەگ دۆزیوەتەوە، کە لەژێر رەشماڵێکی رەوەندەکانی کوردستانی باکور لەدایك بوونە، کچی دایکێکن کە بە ئاستەم دەتوانێ بنووسێ، ئەمڕۆ (دلشەو دلبە) دوو کەسی رۆشنبیرن لە نیشتمانە نوێکەیان، ئەوان پێنج خوشکن، خوشکە بچووکەکەیان (دلنارین) کە ناسراوە بە (دبی) لەتیپی(ئی ـ تایپ) وەك هونەمەندێکی سەماکار ناسراوە، دەمیر بەگەکان نیشتمانە نوێکەیان (سوید)بەکردەوەکانیان داگیرکردووە، چۆنیان توانیووە؟ ئەوانە شانیان هەڵدەتەکێنن، دەستەکانیان دەکەنەوە، چاوە کاڵەکانیان زەق دەکەن، مرۆڤ تێدەگا ئەوانە جیهانێکی نوێن لەشانۆدا، دلشە تیۆرێکی هەیەو دەڵێت:(خاڵێکی هاوبەش لەناو کوردە ئاوارەکان هەیە، کە ئێمە هەرگیز رێگەمان پێنەدراوە بە زمانی خۆمان قسە بکەین، راهاتووین چینێکی تری هاووڵاتی بین، بۆیە ئاسانترە خۆمان کۆبکەینەوە، بەدوای ئەگەرەکانی بکەوین، ئێمە هیچ بنەمایەکی دەسەلاّتمان لەدەستنەداوە، چونکە هیچمان نەبووە.. دەوڵەتێکمان نییە تا خەمی بۆ بخۆین، بۆیە بارودۆخەکان لێرە بۆ ئێمە ئاسانترە، تا شوێنی خۆمان بکەینەوە، دایكو باوکمان هیچ هیوایەکیان نەبووە، کەببین بە شتێك، تاکە هیوایان ئەوە بووە، کچەکانیان مێرد بکەنو منداڵیان ببێت، منو خوشکەکەم (دلبە) هەرگیز خەونمان بەوە نەدیوە، وا پێش دەکەوین، یەکێکمان دەیخوێندەوەو ئەویترمان پیانۆی لێدەدا)

دلبە:" ئێمە لەسەر هەموو شتێك شەڕمان دەکرد، جارێك من چاویلکەکەی دلشەم لەژێرپێدا وردوخاش کرد، ئەویش سەیری دەکردم، ئەو دەیویست هەمیشە بڕیارم بەسەردابدات، منیش هێڵم دەکێشاو پێم دەگوت: ئەوە سنوری نێوانمانە بیبەزێنی دەتکوژم!" دلبە لەسەر قەنەفە نەرمەکان دادەنیشێتو بۆ گۆرانبێژەکان دەنوسێ تا بەگۆرانی بیچڕن، دلبە ساڵی ١٩٩٦ بە گۆرانی (ببورە) ناوبانگی دەرکرد، ئێستا بازاڕی گۆرانیەکانی کزە، بۆیە خەریکی یاری پۆکەرە، لە بەناوبانگترین بەرنامەی نێونەتەوەیی پۆکەر بەشداری دەکات، سەرەڕای ئەوەی لە بواری

گۆرانی‌و مۆسیقا ناسراوه، له قوماریشدا دەستی دێت.

دلبه: براو خوشکەکانم له رووگرژی دلبه بەشیان هەیە.

دلشه:"من تێیان دەگەم، لەو باوەڕەدام دلبه راستەوخۆ دەچێتە دۆزەخ، چونکە ئەو نەترسە، خۆی لە هەموو شتێك دەدات، مل پێوە دەنێ، زوو دەم‌و پلی وەك ئەمرۆ گەرم نەبوو، من توندوتیژ بووم، جلم دەشوشت لە تەمەنی هەشت ساڵیدا، خۆم بە بەرپرسیار زانیووە، ئێستا خەریکی کتێب هەڵچنینم.

دلشە لە ژووری کارکردن خەریکی نووسینی وتاری ئەدەبیە بۆ رۆژنامەی (ئێکس پرێس)، خۆی ئامادەدەکات بۆ گوتنەوەی وانە، هەروەها خۆی کۆکردۆتەوە بۆ بابەتی رۆمانەکەی بەناوی (وێنەی خێڵەکی) کە باس لە خێزانەکەی دەکات، باسی مێژووی خێڵەکانی کوردو داب‌و نەریتەکانیان دەکات، باس لەوەش دەکات کە خێزانی دەمیربەگ چۆن گەیشتنە سوید، باس لە کەلتووری شەرەف‌و ناموس دەکات، کە رەنگدانەوەی کێشەکانی ژنی کوردە، دلشە بەوەناسراوە کە سازش ناکات، لیبراڵیانە باس لە بابەتەکانی کۆچ.. کۆچ‌و خۆ گونجاندن‌و فیمینیزم دەکات، ئەمەش وای کردووە لە ناو نەتەوەکەی خۆی خۆشەویست نەبێت، چونکە ئەوان حەزدەکەن ژن بێدەنگ بێت‌و دەسەڵاتداری هەر بۆ پیاو بێت.

نورەی دایکیان بە ئاستەم لە ناو کتێبەکانی جێ خۆی دەکاتەوەو دەڵێت:" شانازی بە کچەکانم دەکەم‌و منداڵەکانم هەریەکەیان بە رێگای خۆیان دەڕۆن، ماڵەوەمان راهاتوون خۆیان لەگەڵ شتی نوێ بگونجێنن، کچەکانم بە کەللەڕەقی خۆیان، خۆیان بنیات ناوەو بوون بەداهێنەر، مۆسیقا هەمیشە لەماڵەوەمان ئامادەی هەیە"

ئەو خێزانە هەمیشە لە گەڵ مۆسیقا ژیاون، سەرەتای کۆچکردنیان بۆ سویدو گیرسانەوەیان لە شاری ئۆپسالاو کارلستاد پڕبووە لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردی، منداڵەکانیان توند بە داب‌و نەریتەکانیان بەسترابوونەوە، دەبوایە شەو زوو بگەڕێنەوە ماڵەوە، بۆیە هەموویان پێکەوە جیهانێکی مۆسیقایان بۆ خۆیان دروست کرد.

دلبە دەستدەکات بە خوێندنی وانەی پیانۆ، بەڵام ئەو هیچ لە نۆتە تێناگات ئەو تەنیا دەیتوانی گوێ بگرێ، دوایش مۆسیقا لێبیدات، چونکە بۆ ئەو ئاسانتر بوو کە زووتر فێربێت، دلبە وەك شاگردێکی چێشتخانە دەستی بەنووسینی تێکستی لیرك کرد، خوشکە بچوکەکەیان (دلنارین) هەمیشە حەزی لەوە بووە بە دوای رۆژ ژمێرەکەی دلبە بگەڕێت‌و گۆرانیەکان بدۆزێتەوە، کە باس لە ژیانی شاعیرانەی دلبە دەکەن.

کتێبەکان جیهانی دلشە دەنەخشێنن، لەبەرئەوەی ئەو نەیدەتوانی بەتەنیا بژێ! ئەدەبی بۆخۆی دۆزیەوە، کە ئەدەبیش هیچ سنوورێکی نەبووە، بەڵام بۆ دلنار زۆر زەحمەت بووە، چونکە ئەو ئارەزووی سەمای هەبووە، دلنار پێویست بوو، بچێت بۆ دیسکۆو بارەکان تا فێری سەما بێت، کۆتایشی بەوەهات کە لە تەمەنی پانزە ساڵیەوە کەمتر لەماڵەوە بێت،، گەلێك جار تووشی کێشە دەبوو.

دایك‌و باوکیان رێگر نەبوون لەبەردەم ئارەزووەکانیان، کاتێ باسیش لەداب‌و نەریتی مێرد کردن دەکرا، ئەوان خۆیان لێدەدزیەوە، دلشە لە تەمەنی پانزە ساڵیدا مارە برینی خۆی لەگەڵ خزمێکی خۆی هەڵوەشاندەوە، ئەمەش وایکرد کە جارێکیتر باس لەو داب‌و نەریتانە نەکرێتەوە، خۆیان لە جیهانی تورکی‌و کوردی دابڕیوە.

دلشە:"سیاسەت، مۆسیقاو نووسین، هەمیشە شتێکی پیرۆزە بۆ ئێمە، بۆتە کاری کەلتورمان، لەو باوەڕشدام، زۆربەی کوردەکان لە سوید ئەو هیوایەیان هەیە."

دلبەهار، قەت ژووری تایبەت بەخۆمان نەبووە، هەمیشە پێکەوە دەژیاین.

کاتێك خوشکەکان یەك بەدوای یەك چوون بۆ ستۆکهۆلم، لەسەردانی یەکتر بەردەوام بوون، شەوانە لە دەوری دیسکۆکان کۆدەبوونەوە، بەدوای حەزو ئارەزووەکانی مۆسیقادا وێڵ ببوون، لەگەڵ رۆحی مۆسیقای ئامێری چەلۆ تێکەڵبوون! (ئیریك گاد، تیتۆ، جێڤەر براون‌و لیزا نیکسۆن) ئەمانە کاریگەرییان بەسەر خوشکەکاندا هەیە، دلشە لەگەڵ مۆسیقارێك ژیاوە. ئەمرۆش مێردی بە تۆربیۆن ستێن کردووە، کە خاوەنی کۆمپانیای (مارۆ سکۆکو)و (یوهان ئێك لووند)ە.

دلشە:"هیوادارم دلبە گەشتێکی خۆش بەسەربەرێت لە (لاسی ڤێگا) تا بتوانێ خانووێکی هاوینەش بۆ من بکرێت، هەڵبەتە ئەمە گاڵتەکردنە، بەڵام خێزانەکەی ئێمە وایە، لە خۆشی‌و ناخۆشی یارمەتی یەکتر دەدەین، لەوانەیە هەندێك کەس هەست بە هەناسە تەنگی بکەن، بەڵام لەلای ئێمە ژیانی مەمرەو مەژی رەوایە"

پێش ئەوەی دلبە بچێت بۆ ئەمریکا ووتی:"ئەوەی خۆشە لە خێزانەکەی ئێمە ئەوەیە، کەئێمە سەرشێتین‌و لەهەمان کاتدا خۆشەویستیش دەکەین، ئەوەش لەلامان غەریب نییە شەڕو هاوار بکەین‌و دوایش ئارام ببینەوە"

لەگەڵ بەساڵداچوونی دلشەو دلبە، پەیوەندیەکانیشیان هێمن بوونەتەوە، کاتێك هەردووکیان بوون بەدایك لە بارودۆخێکی نوێدا خۆیان دۆزیەوە، منداڵەکانیان لەتەمەنی یەکترن. دلشە پورو دایکێکی میهرەبانە. ئەو پەروەردەکردنی منداڵەکانی بە جدی وەرگرتووە.

دلشە:" من بەدرێژایی رۆژ پاڵکەوتووم کچەکەم ناونووسکردووە بۆ قوتابخانە شتەکانم فاکس دەکەم‌و پرتەپرت دەکەم، من پێویستم بە پلانێکی ترە، کە ئامادەبم بۆ جەنگ، ئەمەش پەیوەندی بە قەڵەقی‌و خەمۆکیەوە هەیە. دلبەهار ئەوەی نیە، ئەو باوەڕێکی تەواوی هەیە کە شتەکان خۆیان جێبەجێ دەبن، من بەبەرنامە تێوەگلاوم. ئەو زەوق لە پەیوەندیە کۆمەڵاتیەکان وەردەگرێت"

دلبە:" ئێمە تارادەیەك رۆژانە لەگەڵ یەکتر دەدوێین، دەربارەی ئەوەی خەڵك حەزی لە شوێنی خۆیە، چ ئامانجێکیان هەیە، ژیان واتای

چیە؟ خەڵك ئێمەی خۆش دەوێت، خۆم حەزدەكەم باسی ئەوشتانە بكەم."

هەڵبەتە كێشە هەیە، دلبە خۆی ئەوەی هەڵنەبژاردوە، تا هەتا هەتایە خوشكی بچووك بێت پێویستی بە خوشكی گەورە بێتو رۆڵبینینیش لەتەمەنی گەورەبووندا پێناسەی نوێی بۆ دەكرێ، بەڵام مرۆڤ دەبینێ پەیوەندی نێوان دلبەو دلشە بە پەیوەندیەكی سروشتیەوە گەشەی كردووە، بناغەی گفتوگۆكانیش لەسەر بنچینەی ئەوكارەیە كە كێ هەڵەیەو كێ راستەو چۆن هەڵسوكەوت دەكەن؟ تاكو چ سنوورێك پابەندبوون بەژیانی خێزنداری، ئەوانە كەس یەكتر رەتناكەنەوە، هەرچوار چاوەكان جارێكیتر زەق بوونەوە، كاتێ من ویستم كۆنترۆڵی چاوپێكەوتنەكە بكەم، ووتیان (ئێمە خێزانێكین ) دلشە گوێ لە شیعرە پاك نەنووسەكانی دلبە دەگرێت، پێشئەوەی پاك نووس بكرێن، چونكە ئەو رازی نیە گۆرانیەك بچڕێ و شیعرەكەی تەواو نەبێت، حەزدەكات هۆنراوەكان لە لوتكە دابن.

دلبە:" من هەمیشە هەوڵم دەدا شتەكانم تەواو بكەم هەندێ جار چاوەڕوانی دلشەم دەكرد، ئایا شتەكانی بەدڵە، یان چاوەڕوانی چیترم لێدەكات"

دلشە دەقەكانی بۆ دلبە دەنێرێت پێش ئەوەی بلاوببنەوە، بۆئەوەی بۆچوونەكانی خۆی لەسەر بنووسێ.

دلشە ئەوەتا زەنگی تەلەفۆن لێدەدات، كەناڵی تەلەفزیۆنی (سی ڤی تی) دەیەوێت لەبەرنامەی بەیانیان بەشداری بكەیت. دەربارەی هەڵبژاردنەكانی توركیا، رۆژی هەینی رابردووش لەهەمان بەرنامەدا باس لە دلبە دەكرا، بەبێئەوەی خۆی ئامادەبێت باس لەو كتێبە دەكرا كە مێردە كۆنەكەی نووسیویەتی، لەوانەیە هەندێك بابەتی سەیری تێدابێت، بەڵام ئەوەی راستیبێت ئەوەیە كەكەس نازانێ چیە، تەنانەت دلبەش، بەڵام ناوبانگی بنەماڵەی دلبەی دەمیر بەگ، وەك ئاوی رووبار لە راگەیاندن هاژەیان دێت.

هەردووكیان لەسەر كورسیەك لە باغەكەدا دانیشتوون، هەوڵدەدەن وەڵامی ئەو پرسیارانە بدنەوە، كە ئەوان بۆ نەترسنو باوەڕیان بە خۆیان هەیە؟

دلبە:" لەو باوەڕەدام لەوانیە خەڵك زۆر بەهێز لە ئێمە بگات، كە لەراستیدا وانەبێ، ئەوەش لەوانەیە لەبەرئەوەبێت ئێمە حەزمان لە شتی خۆشەو گاڵتە دەكەین"

دلشە:" خەڵك هەمیشە وا لەئێمە دەگات كە گێلین، چونكە پێكەوە هەمیشە هەڵدەكەین، بەڵام ئێمە واین، ئەگەر خەڵك منی بوێت، ئەبێ خێزانەكەی منیشی بوێت، هەندێك كەس ئەمەی پێ خۆشە، هەندێكیش حەزیان لەو رەفتارە نییە، ئێمە هەمیشە بەم جۆرە دەژین، كچەكەم(ئەستريد) تەمەنی سێ ساڵە، تا ئێستاش "مەمە"دەخوات، بەڵام من تەداخولی ناكەم، با دلبەهار كە حەزی لێیە لە هەموو شتێك تەداخول بكات قسەی لەگەڵ بكات كە مەمە بمژێ یان نا؟!"

دلبە دەست بۆ نوقلێك دەبات، یاری پۆكەرەكەی زۆر خراپ بوو لە(لەلاس ڤێگا) دۆڕاندی. بەڵام ماوەیەك لەوێ مایەوە، بۆ ئەوەی تەماشای یاریەكە بكات، دەسكەوتەكەی بەشی خانوویەكی هاوینە نەبوو، بەڵام بەشی ئەوە دەكات پێكەوە سەفەرێك بكەن بۆ ئیتالیا خەریكی ئەوەیە پلیت بكرێ.

ئەوان تەماشای درەختی گێلاس دەكەن، لەناو لكەكانی گێلاسی زۆری گرتووە، دلبە دەستی ناگاتێ هەندێكیان بچنێ، دەچێتە سەر بەرمیلێك، چەند دانەیەك بۆخۆیو خوشكەكەی لێدەكاتەوە، دلبە دەڵێت:" ئەمە یەكەم جارم نییە، بەڵكو لە شارە كۆنەكەشم، دزیم دەكرد میوەم دەچنی"

لە كۆتاییدا دلبە ئاخێك هەڵدەكێشێو دەڵێت:" جارێكی تریش دەست بە پۆكەر دەكەمەوە" هەروەها دەڵێت:" سەیرە هونەرمەندەكان لە باخی گشتی گێلاس دەدزن "

نووسینی:(یوسفین ئولێفیك) لەرۆژنامەی داگنیس نیهیتەری سویدی.



دلبە